17ی دێسیمبەر ،
ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی دایك

حامید گەوهەری

فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کاتژمێر 10:00 ی ڕۆژی 1945/12/12 (1324/9/21) لە هۆڵی سینەما "دیدەبان" لە تەورێز یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجانی پێکهێنا. 76 نوێنەر لە 95 نوێنەری هەڵبژێردراو بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانیان کرد. کۆنسولی سۆڤیەت، نوێنەرێك لە باڵوێزخانەی فەرەنسە، میژونی کاتۆلیکی فەرەنسیی و نوێنەرانی پارێزگاری ئازەربایجان، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، بەڕێوەبەریی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ، دارایی و شارەبانیی و لیژنەیەك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان میوانانی ئەو کۆبوونەوەیەی پەرلەمان بوون.

...هەروەکوو گوتم لیژنەیەك لە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەشداریی کردنەوەی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی حکومەتی ئازەربایجانی کردبوو. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بە وتەی مەناف کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بریتی بوون لە: (حاجی مستەفا داودی، کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلوریان، مەناف کەریمی و عەلی ڕیحانی).

...باقرۆڤ و ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات، هەموو باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی موکریان، تا دەگاتە هەوشار و نزیك هەمەدانیان بە خاکی ئازەربایجان دانابوو، بەو مەبەستە نوێنەرانی حیزبی دیموکراتیان بانگکردبوو کە بچن لە پەرلەمانی ئازەربایجاندا سوێند بخۆن کە دڵسۆزی حکومەتی ئازەربایجان دەبن. لەو بارەیەوە، مەناف کەریمی لە وتووێژێکیدا لەگەڵ گۆڤاری دوومانگەی ڕوانگەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تەورێز بە زمانی فارسیی دەڵێت :

– حکومەتی ئازەربایجان دەیویست ناوچەی موکریان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کاتێك دەیانویست مەجلیسی میللیی خۆیان پێکبهێنن وەك شارەکانی تری ئازەربایجان لە مهابادیشیان گێڕابووەوە. بۆ



هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد لە گوگل وەرگیراوە

نوێنەرایەتی مهاباد لەو مەجلیسەدا حاجی مستەفای داودی، کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلوریان، من و عەلی ڕیحانی هەڵبژێررابن. لە ڕۆژی کرانەوەی مەجلیسەکەدا نوێنەرانی شارەکانی ئازەربایجان یەک یەک قسەیان کرد و پیرۆزبایی خۆیان ڕاگەیاند و دواتر دەستیانکرد بە سوێندخواردن کە فیدایی و سەریان لەپێناوی ئازەربایجاندا بێت. کاتێک نۆرە گەیشتە نوێنەری مهاباد، حاجی مستەفای داودی هەستایە سەر پێ و ڕایگەیاند: ئێمە پشتیوانی نەتەوەی ئازەربایجان دەبین، بەڵام سوێندی نەخوارد کە فیدایی و سەری لەپێناوی حکومەتی ئازەربایجاندا بێت. بەیانیی ڕۆژی دوایی بێ ئاگاداریی حکومەتی ئازەربایجان لە تەورێزەوە گەڕاینەوە بۆ مهاباد و لە مهابادەوە نامەیەکمان بۆ تەورێز نارد و ڕامانگەیاند ئێمە بەشێک نین لە ئازەربایجان و دەمانەوێت خۆمان سەربەخۆ بین(1).

دوای گەڕانــەوەی نوێنــەرانی حیزبــی دیمــوکرات لــە تەورێز و ئاشکراکردنی هەست و بیری نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکرات سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمارێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا، خەڵکی مهاباد بە هاندانی بەشێك لـە ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی دیموکرات، ڕۆژی 1324/9/24 (1945/12/15) ڕژانە ناو شەقامەکانی شارەوە و ئاڵای ئێرانیان لەسەر بینا دەوڵەتییەکانی ڕژێمی ئێران داگرت(2).

دوای داگـرتنی ئاڵـای ڕژێمـی ئێـران لـە مهابـاد، لـە شارەکانی نەغەدە و بۆکانیش ئاڵای کوردستان هەڵکرا. بـەو مەبەسـتە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕۆژی 1324/9/26 (1945/12/17)، لـە ڕێـوڕەسمێکی بـە شکۆدا ئاڵای کوردستانی لە جێی ئاڵای ئێران لە مهاباد هەڵکرد. گۆڤاری کوردستان لـە ژمارەی سێی خۆیدا ئاماژە بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد دەکات .

هەروەها گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی دووەمیدا بە سـەردێڕی "هـەڵکردنی ىڵای مقدسـی کوردوسـتان لـە نەغـەدە" نوسـیویەتی: (بـە پێـی دەسـتوری هەیئـەتی ناوەنـدی حزبـی دیمـوکراتی کوردوسـتان برایـانی خوشەویسـت: ئاغـای حسـین فروهـر و علـی خسـروی ڕوژی 26ی 9ی24 مـەئمور کـران کـە ىڵای مقدسـی کوردوستان لە نەغەدە هەل کەن)...

دوای هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدە، نۆرەی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکـان هـات. لـەم بارەیـەوە ڕۆژنامـەی کوردستان لـە ژمـارەی یەکەمیدا بـە سـەردێڕی "هـەل کردنـی ىڵای مقدسی کوردوستان لە شاری بوکان" نوسیویەتی: (بە پیی دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حزبی دیموکراتیی کوردوستان و ئەمری جنابی قازی محمد صدری اعقم و پیشـوای کوردوسـتان قـەرار درا ىڵای مقـدس و سـی ڕەنگی کوردوستان لە بوکانیش هەل کری ئاغایان میرزا مستەفا سولتانیان، عبدولقادر مدرسی، حسین فروهر، میرزا محمدامین شرق، علی خسروی، محمود ولی زادە، مـیرزا ڕحـیم لەشـکری و اعچـای هەیئـەتی حزبـی دیموکراتی کوردوستان و ئاغای شیخ الاسلامی هیمن شاعیری میللی و نمایندەی هەیئەتی ڕەئیسـەی میللی و ئاغای محمد نانەوازادە فەرمانـدەی ئوردوی میللـی بە فەرماندەی گارد ئیحترام و دەستەی موزیك لەگەل ئاغای قاسم ئاغـای ایلخـانی زادە نمایندەی کمیتـەی محـەلی حزبی دیموکرات لکی بوکان بە مـەئموری هـەل کردنی (ىڵای مقدس) معلوم کران و......

دوای تێپەڕبوونی نزیك بە پەنجا و چوار ساڵ بەسەر ئـەو ڕوداوە گرنگـە مێژووییـەدا ، بـە فـەرمانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان کابینـەی پێنجـەم ، هـەڵکردنی ئاڵـای کوردستان ڕەنگی یاسایی بەخۆیەوە گرت و تەنانەت بە بڕیاری هەیئـەتی وەزیرانـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ، ڕۆژی 26 سـەرماوەز– 17 ی دێسـیمبەر ، ڕۆژی هـەڵکردنی ئاڵـای کوردســتان لــە مهابــاد ، بــە ڕۆژی دایــك لــە باشــوری کوردستان ناسرا.

ڕونکردنەویەك سەبارەت بە ئاڵای کوردستان ، دیار نیە ئاڵــا کــەی دروســتکراوە و کــێ بــۆ یەکــەم جــار دروستیکردووە، بەڵام ئەوە ڕونە کە بەر لـە زایین ئاڵا هـەبووە و دەوڵـەتـە کۆنـەکان بـۆ ناسـاندنی خۆیـان و ناسـینەوەی هێـزە شـەڕکەرەکانیان کـەڵکیان لـە ئاڵـا وەرگرتـووە. ئـەمڕۆ ئاڵا بـووە بـە هێمـای نەتەوایـەتی و دەزگـا ڕەسمییـەکان و لـە کـۆڕ و کـۆمەڵـە جیهانییەکانـدا نوێنەرایـەتی ڕێبـازی سیاسـی، ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، کـەلتوریی و.. تــد نەتــەوەکان و گروپــە جیاوازەکــان دەکـات. کـۆنترین ئاڵـا لـە جیهانـدا کـە بـە بـەردەوامیی سـودی لـێ وەرگیرێـت، ئاڵـای وڵـاتی دانمارکـە کـە لـە سـاڵانی 1200 ی زاییینـی دروسـتیان کـردووە و تـا ئێسـتاش بـە بـێ ئـەوەی کـە هـیچ گۆڕانکارییـەکی تێدا کرابێت، سودی لێ وەردەگرن.

نەتـەوەی کـورد بۆ یەکـەم جار لـە سـەردەمی بزوتنـەوەی

"جەمعیەتی تەعالی کوردستان"، لە ساڵی 1920 دا، ئاڵای نەتەوایەتی بۆ خۆی دروستکرد. ئەو ئاڵایە لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی "زەینەلعابدین" دروستکرا. زەینەلعابدین نوسەری گشتیی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوو(3). ئەم ئاڵایەی کە ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان دەشەکێتەوە و کوردەکان لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان بەرزیدەکەنەوە، بە گوتنی زنار سلوپی " قەدری جەمیل پاشا"، پێشتر لە لایەن "تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی جەمعیەتی تەعالی کوردستان"ـەوە دروستکراوە و بە ئاڵای نەتەوایەتی کورد ڕاگەیاندراوە و شێوەکەشی بەم جۆرەیە :

لە سەرەوە سور، ناوەند سپی، "لەسەر ڕەنگە سپییەکەی ڕۆژ " و لە خوارەوەیدا سەوز(4). جگە لەوە، ئیحسان نوری پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو ئاڵایە کردووە و دەڵێت:

-بڕۆ حەسکی تێللی لە هۆزی جەلالی، ساڵی 1926 ڕاپەری و بەرەو چیای ئاگری کشایەوە. من ساڵی 1927 خۆم گەیاندە ئاگری و سەرۆکایەتی بزوتنەوەی ئاگریم پێ سپێررا. هەروەها لە لایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە کۆمیتەیەکی تایبەتیی سەربازییش هەڵبژێردرا. لەو ساڵەدا ئاڵای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی کوردستان کە ساڵی 1920، جەمعیەتی تەعالی کوردستان پەسەندی کردبوو، هێنرایە ئاگری و بۆ یەکەم جار من ئەو ئاڵایەم لەسەر بەرزترین لوتکەی چیای ئاگری هەڵکرد. من پۆستی سەربازییم لە ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان پێکهێنا. پاسەوانە دلێرەکانی ئاگری لە دورەوە هاواریان بۆ ئاڵای کوردستان دەکرد. بەو جۆرە لە ئاگری ڕێکخراوی سەربازیی و ئیدارەیەکی کوردیی هەبوو و ئاڵای کورد دەشەکایەوە(5).

لە جێیەکی تردا "سورەیا بەدرخان" لەسەر بەرگی کتێبی "ڕاپەڕینی کورد دژی کورد" کە ساڵی 1928، لە فیلادێلفیای ئەمریکا، بە زمانی ئینگلیزیی بڵاویکردووەتەوە، شێوەی ئەو ئاڵایەی کوردستانی لەسەر بەرگی کتێبەکەی چاپکردووە کە پێشتر لە لایەن کۆمیتەی خۆیبوونەوە هەڵکراوە و ئیحسان نوری پاشا ئاماژەی بۆ دەکات(6).

شێخ مەحمودی حەفیدیش لە ساڵی 1923 دا ئاڵایەکی بۆ کوردستان دروستکرد. سیسیل ج ئیدمۆندس لە لاپەڕەی 400 ی کتێبی "کورد تورک و عەرەب" دا ئاماژە بۆ ئەو ئاڵایە دەکات کە لە هێرشی هاوبەشی هێزەکانی ئینگلیز و عێراق بۆ سەر شاری سلێمانیی، لە 16 ی مای 1923، لە ژوری کاری شێخ مەحمود لە خوێندنگەی ناوەندیی ئەو شارە بە دەستیهێناوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (..... ئاڵایەکی کوردستان و تاجێکی پولەکەڕێزیشم دۆزییەوە کە ئامادەی پێکەوەدان بوون و دەیانویست بیکەن بە ئاڵای دەوڵەتی شێخ مەحمود(7).

جگە لەوانە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیش ئاڵای دروستکراوی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی جەمعیەتی تەعالی کوردستان بە هێمای نەتەوەیی ناسیوە. هاشمۆڤ و عەلی ئەکبەرۆڤ لە ڕاپۆرتێکی هاوبەشدا کە بە ناوی کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ، ساڵی 1945 ئاڕاستەی دەوڵەتەکەیان کردووە، دەربارەی ئاڵای ژ. ک دەڵێن: (پارتی ژ. ک ئاڵای نەتەوایەتی بۆ کوردستان دروستکردووە کە بریتیە لە سێ ڕەنگ و ڕەنگەکانیشی بە پێچەوانەی ئاڵای دەوڵەتی ئێرانن. ڕەنگی سور لە سەرەوە، لەژێریدا سپییە و لە خوارەوەش ڕەنگی سەوزە و لە ناوەندەکەشی هەتاو کێشراوە(8).

ڕاپۆرتی 12ی ئۆکتۆبەری 1945 ی باڵوێزی سۆڤیەتیش لە ئێران ئاماژە بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە لایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە دەکات و دەڵێت: (ڕۆژی 9 ی مای 1945، کۆمەڵەی ژێکاف بە بۆنەی سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر فاشیزمدا، لە گۆڕەپانی ناوەندیی شاری مهاباد(9) جەژنی گرت. لەو جەژنەدا ئاڵای نەتەوایەتی کوردیان هەڵکرد(10).





شایانی باسە، دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەشداریکردنی نوێنەرانی حیزب لە کردنەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی و دامەزراندنی حکومەتی ئازەربایجان، حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 26 ی سەرماوەزی 1324 (17 ی دیسێمبەری 1945)، ئاڵای کوردستانی هەڵکرد کە هەمان ئاڵای دروستکراوی جەمعیەتی تەعالی کوردستان بوو.

ئەم باسە و وێنەی ئاڵای سەر بەرگی کتێبی سورەیا بەدرخان پێشاندەدەن کە شێوە و ڕەنگەکان و نیشانەی ئاڵای کوردستان، لەو ئاڵایەوە وەرگیراوە کە "زەینەلعابدین" ساڵی 1920 بۆ جەمعیەتی تەعالی کوردستانی دروستکردووە و پێشتر کۆمەڵەی خۆیبوون لە باکور و دوای ئەو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵیانکردووە .

گومان لەوەدا نیە کە زەینەلعابدین ڕەنگەکان و نیشانەی ئاڵای کوردستانی بە چەشنی ئێرانییەکان، هیندییەکان، ئیتالیاییەکان و زۆر وڵاتی تر لە ڕەنگ و نیشانەی ئاڵای مادەکان وەرگرتووە، چونکە بە گوتنی هێرودۆت و کتسیاس مێژوونوسانی کۆنی یۆنان، میتانییەکان، کاوییەکان و ئیمپراتۆرییەتی ماد کە پایتەختەکەیان "ئەکباتانە" واتە شاری هەمەدانی ئەمڕۆ بووە، خاوەنی ئاڵای سێ ڕەنگی سور، سپی و سەوز بوون و نیشانەی جۆراوجۆری وەك تاج، هەتاو و شێریان لە ناوەندی ئاڵاکەیاندا هەبووە(11).

دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و دەستگیرکردنی پێشەوا قازی محەمەد لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، پێشەوا قازی لە دادگاییکردنە کارتۆنییەکەی شادا، ڕایگەیاند من ئاڵای کوردستانم بە بارزانیی سپاردووە. پێشەوا بە بارزانیی ڕاگەیاندبوو کە من کەس لە تۆ باشتر نابینم کە بتوانێت ئەم ئاڵایە بپارێزێت و لە کاتی خۆیدا لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان بیچەقێنێت(12).

هەروەکوو گوتم دوای تێپەڕبوونی نزیك بە پەنجا و چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە گرنگە مێژووییەدا، ئاواتی پێشەوا و نەتەوەی کورد بەدیهات و بە فەرمانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕەنگی یاسایی بە خۆیەوە گرت، تەنانەت بە بڕیاری هەیئەتی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 26 سەرماوەز(17 ی دیسێمبەر)، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد، بە ڕۆژی دایك لە باشوری کوردستان ناسێنرا. لەو ڕۆژەوە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە باشوری کوردستان و هەموو شوێنەکانی جیهان جگە لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان، ڕەسمیەتی بە خۆیەوە گرت.

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێیوابوو کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێیوابوو تەمی نیگبەت لەسەرمان ناڕەوێ
داری ئاڵاکەم وەکو چقڵە لەبۆ چاوی عەدو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ، ڕەببی وەبەر خەنجەر کەوێ
...هەژار لە کۆبوونەوەی هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان

گۆڤاری دوومانگەی ڕوانگە، ژمارەی 15، گەلاوێژی 1382 جولای 2003، ئامادەکردنی بە زمانی فارسیی ئیسماعیل مستەفازادە، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردیی حەسەن قازی.

سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لە ورمێ، ڕوکنی دووەم، ژمارە 19125– 1326/1/10

(1947/3/30) کاتژمێر 8 ی بەیانی .

جێگای کەمال فەوزی بەتلیسی لە ڕێکخراوی کوردییدا، نوسینی مالمیسانژ، بە زمانی تورکی، لاپەڕەکانی 127 – 129 و 148. دادگای ئیستقلال 1923 – 1927

نوسینی د. ئەرگون ئای باس، لاپەڕەی 152، ساڵی 1982 بە زمانی تورکی ئەنقەرە.

ئاڵای کورد، نوسینی مەحمود لەوەندی بە زاراوەی کرمانجی سەروو، گۆڤاری ئارمانج، ژمارە 141، لاپەڕەکانی 6–7، ئەوگوستی 1993، سوید.

بیرهاتنا ئیحسان نوری، هیوی گۆڤاری کلتوریی گشتی، لاپەڕەکانی 21–28، ژمارە 2، پاریس گوڵانی 1984.

ڕاپەرینی کورد دژی تورک، سورەیا بەدرخان، فیلادێلفیا، ئەمریکا، ساڵی 1928، بۆ جاری دووەم ساڵی 1994 لە لایەن کتێبفرۆشی سارا لە ستۆکهۆڵم لە چاپ دراوەتەوە.

کورد تورک و عەرەب، نوسینی سیسیل ج . ئیدمۆندس، وەرگێڕانی نوسەری ئەم وتارە.

ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراتیڤ، ئو 30 / د 327 / پ 369 / لاپەڕەکانی 51–54.

مەبەست لە مەیدانی چوارچرای شاری مهابادە .

بەشێك لە ڕاپۆرتی ڕەوانەکراو لە ئێرانەوە بۆ گ . م . دیمیترۆڤ، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت، لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و پارتی ژێکاف، لە 12 ی ئۆکتۆبەری 1945، لە ئەرشیڤی ناوەندی هەڵگرتن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکانی سەردەم، ف 17 / ئو 128 / د 44 / لاپەڕەکانی 72–79 .

هیرۆدۆت بە زمانی ئینگلیزیی. کتسیاس مێژووزان و لێکۆڵەری یۆنانی کۆن بە زمانی ئینگلیزیی.

بەڵگەنامەکانی دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەمەد لە 1946–1947